ئەوروپا و پەنابەران ... ناساندنی کتێب نووسینی : حەیدەر هەوەند

خوێندنەوەی بابەت

ئەمڕۆ کتێبێکی گرینگتان پێ دەناسێنین و کەمێک باسی ناوەڕۆکەکەی دەکەین و پێویستە پەنابەرانی کورد لە ئەوروپا زانیاریان هەبێت لەسەری چونکە ئەم کتێبە باسی داهاتووی ئەوورپا دەکات .
کتێبەکە بە زمانی فەرانسی نووسراوە لە ژێر ناوی Le grand remplacement کە بەکوردی واتە : جێگرتنەوەی گەورە . نووسەری ئەم کتێبە پیاوێکی سیاسی فەرانسیە و ناوی رونێ کامیە Renaud Camus ئێستا تەمەنی حەفتا و سێ ساڵە .
تەوەرەی سەرەکی کتێبی جێگرتنەوەی گەورە سەبارەت بە هاتنی پەنابەرانە بۆ وڵاتانی ئەوروپا . رونێ کامە لەم کتێبەدا باسی نوخبەیەک یان گروپێک دەسەڵاتداری ئەوروپی دەکات کە لە بەرکسل دادنیشن و سیاسەتی یەکیەتی ئەوروپا دادەڕێژن و چەندین پیلانیان لەژێر سەردایە دژی هەموو گەلانی ئەوروپا و بە کردەوەش جێ بەجێی دەکەن .

رونێ کامە دەڵێت ئەم نوخبە دەسەڵاتدارەی ئەوروپا بە داشتنی پلانێکی ووردو و درێژخایەن کە تووندتە هاندانی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا و خواروی بیابانی ئەفریقیا تا کەچ بکەن بۆ فەرانسا و هەموو قارەی ئەوروپا و بە ئەم مەبەستەش سنووری وڵاتانی ئەوروپایان بۆ کراوەتەوە .
مەبەستی ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە ئەوروپیە ئەمەیە کە پەنابەران و کۆچبەران نیشتجێی ئەوروپا بکەن و لە ڕێگەی ئاسانکاری و یارمەتی ماددی و خانوبەرەو هەروەها پێدانی ئیقامە و جنسیەی وڵاتانی ئەوروپا و زۆر ئیمتیازاتی تر ئەم کۆچبەرانە بکەن بە دانیشتووانی سەرەکی ئەوروپا و گەلانی ڕەسەنی ئەوروپیش بەلاوە بنێن و بەرەو چارەنووسێکی پڕ لە کارەسات و لەناوچوون بەرن هاوشێوەی کەمەلکوزیەک دژی گەلانی ڕەسەنی ئەوروپا .

کتێبەکەی رونێ کامو مژاری کۆچبەری دابەش دەکاتە سەر دوو ڕەهەند : ڕەهەندی یەکەم : ڕەهەندی نژادی

رونە کامە لەم رەهەندە باسی ئەو دۆکات کە رۆچەکی خۆی ئەورووپی رەسەن سپی پێستن کە مرۆڤی مووزەرد و چاوشین زەر باوە تیایاندا بەنام نەژادی کێبەرکان و پەنابەران بەشێوەیکی سەرەکی ئەسمەرن و سەر رەشن و چاویان رەش یان قاوەییە . بەیە هاتنی ئەم کێبەر و پەنابەرانە هەرەشەیە بە سەر دانیشتوانی رەسەنی ئەووروپا لە داهاتوویکی نزیکدا مرۆڤی ئەوروپی سپی پێست لەناو دەچن و کێبەر و پەنابەری ئەسمەر و سەر رەش هەموو ئەوروپا داگیر دەکەن .

رەهەندی دووەم : رەهەندی ئاینی

رونە کامە لەم کتێبەدا باسی ئاین و کولتووری گەلانی ئەوروپا دەکات و دەڵێت کە کێبەران و پەنابەران خاوەنی یان هەڵگری کولتورەکی زەر جیاوازن لە کولتووری گەلانی ئەوروپا . ئەو دەڵێت کە ئاینی زەرەکی کێبەران و پەنابەران ئاینی ئیسلامە لە کاتێکدا گەلانی ئەوروپا خاوەن کولتورەکن کە خەسڵەت و سیماکانی ئەم کولتورەی ئەوروپا لە سەر بنەماکانی ئاینی مەسیحی و جولەکە و دابونەریتی کۆنی خەیان داڕشتراوە .

بەم جۆرە رونە کامە رووونی دەکاتەوە کە هاتنی کێبەران و پەنابەران لە دوو رووەوە سیما و خەسڵەتکانی ئەوروپا دەستنیشان دەکەوێت . لەلایەک ئەوروپیە سپی پێستەکان لەناو دەچن و کێبەران و پەنابەران بەرەنگی رەش و ئەسمەری خەیان جێگەی سپی پێستەکانی ئەوروپا دەگرنەوە و لەلایەکی ترەوە ئاینی مەسیحی و کولتووری ئەوروپیش لەناو دەچێت و ئاینی ئیسلام و کولتووری ئیسلامی لە هەموو ئەوروپا باڵا دەست دەبێت .

ئەم کتێبەی رونە کامە سەرەتا لەلایەن ژمارەیەکی کەمەوە پێشوازی لێکرا بەتایبەتی نەژادپەرستەکان بەنام دواتر و ئێستاش رۆژ بەرۆژ خەڵکانێکی زۆری ئەوروپی باوەڕ بەم بیردۆزەی رونە کامە دەهێنن کە خودی ئەم تێزەی رونە کامە دەچێتە چوارچێوەی بیردۆزی پیلانگێڕیەوە واتە نەزەریەی موئامەرە .

لەسەرەتادا پرسیارێکی لۆجیکی دێتە پێشەوە : ئاخۆ ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە ئەوروپیەی کە لە بڕکسل دادنیشن و کە رونە کامە بانگەشە دۆکات گوایە پیلان دژی گەلانی ئەوروپی پاساویان چییە بۆ ئەم پیلانگێڕیە دژی گەلانی خەیان ! ئایا ئەم جۆرە پیلاندانانە دژی گەلانی ئەوروپا لەلایەن ئەم نوخبەوە لەگەڵ عەقڵ و هزری ژیرماندانە یەک دەگرێتەوە یان پێچەوانەیە ؟

رونە کامە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت کە ئەم نوخبەیە و لەگەڵ ئەمانیشدا حکومەتکانی ئەوروپا زەر جار بەدەنگی لەدەکەن

یان لە ڕەگەی چەواشەکاری و درۆ خەیان لەم پرسە چارەنوس سازەی گەلانی ئەوروپا دەدزنەوە و نایانەوێت کە هەکاری راستەقینەی وەرگرتنی پەنابەران بەم قەبارە گەورەیە روون بکەنەوە .

تێبینی دەکرێت کە ئەم کتێبەی رونە کامە گرینگترین کتێب بێت سەبارەت بە پرسی نەژادی لە ئەوروپا لەدوای کتێبەکەی ئادلف هیتلەر کەبەناوی خەباتی من بەاوی کردەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم . ئەگەر کتێبەکەی هیتلەر ئایدیالەجیایەکی نەتەوەیی و نەژادی لەخە گرتبوو کە پاشنارەکەی شکستی ئەلمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم و ناڕازایی هیتلەر لە ڕەی کاریگەری جولەکەکان بوو لە ئەلمانیا و ئەوروپا بگشتی لەگەل هەندێک فاکتەری تر ئەوا پاشنەری رونە کامە هەستێکی نەژادییە لە ئاست ئەو هەڕەشانەی کە هەستی پێدەکرێت هەروەک نەژادی مرۆڤی سپی ئەوروپی بەرەو فەوتان بچن و سەرەرای پیشکەوتنی تەکنەلەجی و دەرمان و ئاستی بەرزی ئابووری و گوزەرانی ئەوروپیەکان بەهام فەوتانی گەلانی وا دێتە بەرچاو بە زەر کەس کە دەرفەتی خەلادان لەم چارەنووسە پێ لە کارساتە نییە و سەرەنجام موسوەمانە ئەسمەرەکان دەست دەگرن بەسەر هەموو ئەوروپادا .

هەندێک لە کەسایەتی دیاری ئەوروپی و ڕۆژئاوایی بە گشتی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم بۆچونانەی رونە کامە و چەندین حیزب و ڕەکخراوی سیاسی نەژاد پەرستیان دروست کرد کە لە زەرێک لە وڵاتانی ئەوروپا چالاکن کە گرینگترینیان ڕەکخراوی پێگیدایە Pegida لە ئەلمانیا , کە کورتکراوەی ئەم ناوە واتە : Patriotische Europäer gegen die Islamisierung des Abendlandes .

لەمەدا زەر گرینگە کە پەنابەران بزانن کە جووتانەوە نەژادپەرستەکانی ئەوروپا دژی هەموو پەنابەرانە ، واتە ئەگەر پەنابەرێک تەنانەت ئاتایست و بێدینیش بێت و دژی ئیسلامیش بێت دادی نادات بەکو ئەویش هەر کراوتە ئامانج و وەکو دوژمن سەیر دەکرێت بەهەی ڕەنگی پێست و پێشخانی کەمەلایەتی و کولتوری و ئینتیمای ئەو بە کەمەگەیەک لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەوروپا .

ئەو کەسەی لەنزیکەوە بەدواداچونی کردبێت بە ئەم مژارە و لە نزیکەوە ئاگاداری گوتاری سیاسی گروپ و ڕەکخراوە نەژادپەرستەکانی ئەوروپا بێت دەزانێت کە ئەوان هەوە دەدەن کە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بکەنە ئامرازێک بە ترساندنی زەرترین خەڵکی ئەوروپی و هەستی نیگەرانی و بە متمانەیی لایان دروست بکەن بە ئەوەی زەرترین ئەندام و لایەنگر بۆخەیان کۆبکەنەوە و بەکو لەم قەناغەدا لە ڕەگەی

هەلبژاردنەوە بگەن بە دەستکەوتی بۆ بەرنامەکانیان پیادە بکەن دژی هەموو پەنابەران .

سەرانی داهاتوو سەرانێکی یەکلایی کەرەوە دەبێت و لەرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە : ئایا ئەم حیزب و رێکخراوە نژادپەرستانەی ئەوروپا کاردانەوەیان چی دەبێت ئەگەر بەتەواوی بە ئومێد بوون لە بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و تێگەیشتن کە لەرێگەی یاساوە ناتوانن بچونەکانیان پیادە بکەن ؟ ئاخۆ بە ئومێد بوون دەبێتە هۆکارێک کە نژادپەرستەکان دەست بەرن بە تونددوتیژی بە دەست وەشاندن لە خەڵکانی پەنابەر و کوشتنی زەرترین ژمارە لە پەنابەرەکان ؟ یان حکومەتەکانی ئەوروپا لەبەراوانێ و بە تۆندی دەست بکار دەبن بە دانانی سنوور بە ئەم رێکخراوانە و بەرزەفت کردنیان و بەهیچ شێوەیەک نەهێشتن کە بارودۆخ بەرەو تەقینەوە بڕوات لە نەوان نژادپەرستەکانی ئەوروپا و پەنابەران ئێگینا هەر رووبوونەوەیەکی فراوان کۆنترۆل کردنی زۆر سەخت دەبێت بەتایبەتی لەو کاتانەی کە رژێمی پەنابەران و خەڵکی ئەوروپی لەیەکتر نزیک دەبنەوە .

وڵاتانی ئەوروپا هەمیشە هەوڵ دەدەن کە رژێمی پەنابەران لە ئەوروپادا کەم نیشان بدەن و لە ئامارەکان هەمیشە رژێمێکی کەم بڕاو دەکەنەوە چونکە ئەگەر رژێمە راستەکە بڕاو بکەنەوە دوور نییە کە جۆرەوی ئاشتی و ئاسایش لەدەست دەربچێت و نژادپەرستەکان کاردانەوەی تۆند پیشان بدەن . بەڵام سەرەرای ئەمەش زۆر جار ئەوروپیەکان گلەیی دەکەن و دەڵێن کاتێک دەڵێن بە گەرەکانی دەوروبەری شارە گەورەکانی ئەوروپا زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەم شوێنانە پەنابەرەکانن و خەڵکی ئەوروپی بەدگومان دەبینەرێن . تەنانەت ئێستا لە سەنتەری شارە گەورەکانی ئەوروپاش ئەگەر لە شوێنێک دابنیشین و سەیری ئەو کەسانە بکەین کە بە پێشماندا تێدەپەڕن سەرنج دەدەین بە نموونە ئەگەر بیست کەس ببینین ئەوا دە کەسیان ئەوروپین و دە کەسیان پەنابەرن ، واتە لە راستیدا رژێمی پەنابەران و ئەوروپیەکان زۆر لەیەکتر نزیکە ئەگەرچی ئەم مێتۆدە زۆر سادەیە و سەد لەسەد راست نییە بەڵکو زانینی ژمارەی ووردو تەواو لەلایەن دامودەزگای گشتی ئامار پارێزراوە هەر ئەوان بڕاوی رژێکان دەزانن .

تێبینی من سەبارەت بەم پرسە :

بە تێگەیشتن لەم پرسە گرینگە کە ژیانی هەموومانی پێوە گرێدراوە پێویستە زۆر بە قوڵی و فراوانی هەڵسەنگاندن بکەین و فاکتەرە

گرینگەکان دەست نیشان بکەین کە رووداوەکان بە کام ئاراستەدا دەبن .
یەکێک لە ئاکامە کارەساتبارەکانی مۆدێرنیزم کە هەموو کەمێگە جیهانیەکان ناتوانن خۆیان لێی دەرباز بکەن لێکەوتە نێگەتیڤەکانی مۆدێرنیزمە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێک کێشە کە لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا بەرچاو نەکەوتوون . لەوانە کێشە دیموگرافی ، واتە کێشەی دانیشتووان .
کێشەکانی دانیشتوان دەشێت بە زۆر شێواز خۆیان دەربخەن بە نموونە :
١- نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان رووبەری خاکی وواتێک لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان . بە نموونە وواتە هەیە خاکەکەی زۆر فراوانە بەڵام دانیشتوانی کەمە (وەکو روسیا) بە پێچەوانەوە وواتە هەیە خاکەکەی بچوکە و ژمارەی دانیشتوانی زۆرە (وەکو بەنگلادیش) .
٢- زۆر بوونی ژمارەی پیرەکان بەبەراوورد بە ژمارەی گەنجەکان (کە لە زۆربەی وواتانی ئەورووپا دەبیندرێت)
٣- کەمبوونەوەی رێژەی وەچە خستنەوە بەهۆی کەمبوونەوەی زەواج بەهۆی گرانی شێوازی ژیانکردن یان لایفستایل .
٤- بارودۆخی کەمئایەتی نەگونجاو کە دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی پرسەی هاوسەرگیری کردن کە ئەمش وا دەکات ژمارەی کۆی سینگل و کچی قەیرە زیاد بێت (بە نموونە کوردستان) .
٥- بەاو بوونەوەی هەندێک نەخشی گەورە بە رێژەیەکی فراوان وەکو ئایدز و نەخشیە دەروونیەکان یان نەخشیە جەستەییەکان وەکو سەرێتان و شەکرەو دە و پاڵەپەستۆی خوێن بەتایبەتی ئەگەر لاوەکانی کەمئەگش بگرێتەوە یان ئەو کەسانەی کە لە سەرێتای تەمەنی هوسەرگیری کردندان .
٦- دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵک و نەبوونی سەرچاوە ئابووریەکان کە دەبنە مایەی دابین کردنی بژێوی بە دانیشتوانی وولات و لە ئەنجامدا زۆربەی تاکەکانی کەمئەگە خۆیان لە پرسەی هاوسەرگیری لادەدەن و ئەمش کاردەکاتە سەر ژمارەی دانیشتووان .
دیارە زۆردیاردەی نێگەتیڤی تریش هەن کە دەچنە چوارچێوەی کێشە دیمەگرافیەکان .

خاڵێکی گرینگی ئەم پرسە ئەویە کە هەروەک لە واقیع و لە ئەنجامی ژیانی رۆژانەمان لە ئەورووپا دەیبینین ئەویە کە بەداخەوە سیستەمی سەرمایەداری زۆر پارەی بە دیاردەی تاکگەرایی یان ئیندیڤیدوالیزم داوە . واتە هەر کەس بەخۆی دەزیت و لە ئەنجامدا پێوەندیە کەمئایەتیەکان زۆر کاڵ بوونەتەوە و پرسەی هاوسەرگیری و وەچە

خستنەوە بەدەگمەن روو دەدات .
جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم گورزی زۆر گەورەیان لە ئەوروپا دا کە ئاکامەکانی هەرگیز لەیاد ناکرێن و بەرینە کۆمەلایەتی و دەروونیەکانی هەرگیز نەتواندرا ساڕێژ بکرێن چونکە ژمارەی قوربانیەکان لە هەموو سنوورە مەعقولەکان دەرچوون . بە نموونە کوژرانی نزیکەی نۆ ملیۆن سەربازی ئەلمانی لە جەنگی جیهانی دووەم کە زۆربەیان لە تەمەنی لاویدا بوون زیانێکی هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە چونکە ئەم لاوانە توانا و هێزی بەرهەمهێن و سەرمایەی مرۆیی ئایندەی ئەلمانیا بوون و دەیانتوانی لە هەموو رووەکەوە کاریگەری گەورەیان هەبێت و توانای جێستەییشیان زۆر بوو بە هاوسەرگیری کردن و وەچە خستنەوە . هەمان زیان وبگرە زیاتریش بەر ووڵاتانی تری ئەوروپا کەوت وەکو پۆڵندا و روسیا و فەرەنسا و هتد .

لەرێژگاری ئەمەماندا پێویستە زۆر فراوانتر بوانین و نەخشەی هەموو جیهان بهێنینە پیش چاومان بۆ ئەوەی ڕەڵی گەورە و کاریگەری ووڵاتانی یابان و چین و کوریا لەبیر نەکەین کە چۆن خەریکە پشبەکی و بەربەرەکانی ووڵاتانی ئەوروپا وئەمەریکا دەکەن لە هەموو بوارەکان و تەنانەت بالادەستی خێیان ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەسەلمێنن و لە بەرامبەریشدا ووڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا لە پاشکشێیەکی بەرچاو دان .
ئەم ووڵاتە زلهێزانەی ئاسیا لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و تەکنەلۆجیەوە جگێیان بە ئەمەریکا و ئەوروپا لەقکردووە بێە دەبینین کە کەلوپەلی یابانی و چینی و کۆری بازارەکانی جیهانیان تەنیوە و بەئام بەبەراوورد بەمان کەلوپەل و بەرهەمی پیشەسازی ووڵاتانی ئەوروپا ڕووی لە کزی کردووە .

تەنانەت ووڵاتی چین خەریکی داهێنانی تەێیکی ئینتەرنێتی نوێیە بۆ ئەوەی سەروەری ئەمەریکا لەم بوارەشدا سەراوژێر بکات و ئەمانە و چەندین پرۆژەی ستراتیژی تر کە ووڵاتی چین دەستی داوەتی بۆ کەنترەل کردنی هەموو جیهان .

ئەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە بۆ ئەمەیە کە تێبگەین کە ووڵاتانی ئەوروپا لەژێر ڕووەوە توشی قەیرانی کەمەرشکێن هاتوون کە پێویستیان بە هێندێک ڕێکارە بۆ ئەوەی قەیرانەکان لەمە زیاتر تەشەنە نەکەن . ئەمەی پانابەران بەگشتی خێکانێکی کراوە و عاتیفین و لە دڵەوە خێکی ئەوروپیمان خۆش دەوێت و ڕقمان لە هیچ نەژادێک نابێتەوە و کاتێک دەست لەسەر خاێکان دادەنێین

پاڵنەرەکانمان تەنیا ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکانە بە نیازێکی پاکەوە نەک بە مەتیقێکی داخ لە دڵانە .

باشترین ئەڵتەرناتیف بە خەڵکی پەنابەر و ئەورووپی زیانێکی هاوبەشە شان بەشانی یەکتر دوور لە یەکتر شکاندنەوە . زیانێک کە تیایدا ڕەز لە تایبەتمەندی یەکتر بگرین تەنانەت ئاگەر لە سەر هەندێک خاڵ هاوڕاش نەبین . با ناکۆکی نەوروژێنین و گالتە بە کولتوری یەکتر نەکەین بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر پرینسیپە ئینسانیەکان بکەینەوە . با ڕەنگی ئەسمەری ئەمە و ئایینی ئیسلام نەبن بە کەسپ بە ژیانی ئەمە لە ئەوروپا کە هەرکەس ڕەز لە سنووری ئەوی بەرامبەر بگرێت .

ڕاستیەک هەیە کە ناکرێت نکۆڵی لە بکرێت ئەویش ئەمەیە کە پەنابەران و خەڵکی ئەوروپی پێویستیان بە یەکتر هەیە . پەنابەران بەهەی زەری کەشی سیاسی و ئابووری و کەمەلایەتی لە نیشتیمانی خۆیان پەنایان بە ئەوروپا هێناوە و ئەوروپاش بەهەی کەشی دیموگرافی و ڕەژەی بەرزی پیرەکان و کەمبوونەوەی پرسەی هاوسەرگیری و وەچە خستنەوە تووشی قەیرانی دانیشتوان هاتوون و پێویستیان بە پەنابەرە . ئەوروپیەکان زیانێکی شایستەی پێشکەوتوو بە پەنابەران دابین دەکەن و پەنابەرانیش بەهەی زەری ڕەژەی وەچە خستنەوە یارمەتی ئەوروپا دەدەن و دەبن بە چارەسەر بە قەیرانی دانیشووان لە ئەوروپا کە بەراوورد بە وڵاتانی چین و یابان و کۆریا تای تەرازوو بە زیانی وڵاتانی ئەوروپایە چونکە چین بە تەنیا نزیکەی یەک و نیو ملیار مرۆڤی تیا دەژیت لە کاتێکدا سەرجەمی دانیشتوانی هەموو وڵاتانی ئەوروپا ناگەن بە نیوەی دانیشتوانی وڵاتی چین . کەواتە پەنابەران ڕەگی پارسەنگ دەبینن بە قازانجی ئەوروپا بە هاوسەنگ کردنی تەرازووی لاری دانیشتوان لە نێوان ئەوروپا و وڵاتانی چین و یابان و کۆریا .

ڕاستە پەنابەران و ئەورووپیەکان زەر جیاوازن لە ڕووی پێکهاتەی دەروونی و کەمەلایەتی و میزاجەوە و ئاوێتە بوون یان ئینتیگرەیشن لە نێوان ئەم دوو گروپە گەورەیدا کارێکی ئاسان نییە بەڵام دەشێت لە ئایندەدا زیاتر لە یەکتر نزیک ببینەوە . سەرەتا وەکو هەنگاوی یەکەم زەر گرینگە کە هەموو بیەیزی و شکاندنەوەیەک دژی یەکتر ڕابگیرێت و بە نموونە پەنابەران چیتر نەڵێن ئەوروپی بە هەست و سەزن یان نازانن کە باوکیانە و لەگەڵ چەندین پێشداوەری تر . هەروەها ئەورووپیەکانیش چیتر نەڵێن پەنابەران تاونبار و دواکەتوون و تیرەریستن و ژنکوژن چونکە ئەم پێشداوەریانە کە هەردوو لا دژی یەکتر دەیڵێن هەرگیز خزمەت بە پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە ناکات

بەکو دەبێتە کێشەکە بوونی رق و تووڕەیی دژی یەکتر و دوور نییە رژێک بێت کە کۆنترۆل و جڵەو لەدەست دەربچن و ئاژاوەی زۆر گەورە دروست بێت و لە ئاکامدا هەموو لایەکمان تیایدا زیان دەکەین و براوە و دەراو بوونی نابێت بەکو گەڕێپان بۆتەواوی چەق دەبێت بە ووڵاتانی چین و یابان و کۆریا و هاونژادەکانیان تا بۆتەوای ببن بە سەروەری بە رکابەر لە جیهاندا .

https://fr.wikipedia.org/wiki/Grand_remplacement
https://fr.wikipedia.org/wiki/Renaud_Camus

ڕاستییەکان لە یادی 53 ساڵەی داستانی هەندرێندا, کێ کردی؟...عەلی مەحمود محەمەد

بە حوکمی بڕیارنامەی سەکەی چەپ, لە گەڵ چەندین تەکەشەر ئۆگەر زەدە ڕەیی نەبێت بەڕەم دەیان تەکەشەری زەڕین دیدارم ئەنجامداوە کە بەشداری شۆڕەی هەندرێنیان کردووە, هەموو دەگەڕێنەوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بە سەرکردایەتی ڕەئیس کەمال, ملازم عەبدولڕەحمان, فاخر مەرگەسوری, ملازم خدر, مام سدیق, مام ئیلیاس, عەریف یونس, عزەت سلێمان بۆگ داستانەکیان تەمار کردووە, کە تا ئێوکات گەورەترین سەرکەوتن بووە بەسەر سوپای داگیر کەری بەغدا ئەنجامدرابێت, تەنانەت ئێو دەستکەوتانەی لە شۆڕەکە بە دەست هاتووە لە چەکی قورس و ئامڕی پێوەندیکردن زیاتر بووە لە بارتەقای هەموو ئێو چەکانەی کە هەزی پێشمەرگە پێش داستانەکە هەیان بووە, سەرکەوتنەکەش لە کاتێکدا تەمارکرا کە جوانەوەی کوردی توشی دوبارەکی و کێرت بوون هاتبوو , بەمەش روح خرایەوە بڕی.

بەڕێزەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر سەردێڕی " پەیامی سەرۆك بارزانی بەبۆنەی پێنجا و سێیەمین ساڵیادی داستانی هەندرێن" لە بەرواری " 12ـی 5ـی 2019 " پەیامێکی پیرۆزبایی و وەبیرهێنانەوەی بۆاو کردۆتەوە, لە بەشێکیدا دێت "

پەشمەرگەکانی شۆشی مەزنی ئەیلوول و بە هاوکاری هێزەکانی حیزبی شیوعی لە پلانێکی تەکمیلی دژەهێرشدا لە 12ـی 5ـی 1966 پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند و لیواکانی یەك و سێ و چوار و پێنجی سوپای عێراق لە چیای هەندرێن و زێزك و گەرووی ئەمرئاغا و ئاکۆیان بە تەواوەتی تێکشکان و زیانێکی یەکجار زۆریان بەرکەوت" , ئەمە لە کاتێکدایە مژوو پەیمان دۆستێتی سۆڤیەتێکە تەنها لە چیای هەندرێن تەمار کراوە نەك لە زێزك و شوێنەکانی دی, ئەوانە لەو چرکە ساتە بڕیاری شۆڕشی بوونە لە سۆڤیەتیان تەدا تەمار نەکراوە, بەڵێ ناکرێت ناویان بە هاوتایی لە گۆڕی هەندرێن ریز بکرێت, دووەم سۆڤیەتێکە پەشمەرگەکانی حیزبی شیوعی و دۆست و لایەنگرەکانی تەماریان کردووە نەك کەسی دی بەڵێ ئەویش ناوی پارتی دیموکرات ریز ناکات پارێزدەکات, لە لە ڕێگای بەخشینی ڕۆژی سەرکی بە پەشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوڵەوە دەیانکاتە بەشە شۆڕیکی سەرکی, سێیەم پەشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەوکاتە بەشێك بوونە لە هێزی پەشمەرگەی کوردستان, لق و پۆلەکانی حیزبی شیوعی بەشێك بوونە لەو جوڵانەوە چەکدارییە, بە جیا ناوهێنانیان پارتی دەکاتەوە بە تاکە هێزی پێکهێنەری پەشمەرگەی شۆشی ئەیلول, ئەمەو نەك تەنها شۆی هەندرێن بگرە تەواوی شۆڕشی گەورەکانی ساڵانی 63 بە 70 مەرکی پەشمەرگەکانی حیزبی شیوعی پێوە بووە, پەشمەرگەکانی حیزبی شیوعی نەك هاوکاری داستانی هەندرێن نەبوونە بگرە هێزی سەرکی و کۆتا بوونە لە داستانە مژوویەکەی هەندرێن, هەر ئەمش وا دەکات شایەدحاڵەکانی ئەو ڕۆژانە باڵن کەچکردووان ئیدریس بارزانی و فرانسە حەریری تا چەمان دەستەی سوریان هەڵداوەو دروشمی بژی حیزبی شیوعیان وتووەتەوە" سێیری لینکی ڤیدیەکان بکەن".

لە داستانەکەی هەندرێندا هەر 60 فیدایییەکە کە هێزی یەکەمی سۆڤیەتێکە بوون شیوعی بوون, 3 شەهید درا وەك پێشتر نەخشەی بە داندرا بوو لە لایەن فەرماندە شیوعییەکانەوە کە ئەوانیش عەریف یونس و سالح مام ئەلیاس هەردوك شیوعی بوون, خدر عەوڵا بگیش دەستی ئەو حیزبە بووە, سڵاو لە یاداوەری ڕوحی پاکیان, خۆزگەم بارزانی بتوانێت کەسێکی پارتی ئەوکاتە بدزێتەوە نەك شەهید و بریندار بگرە بەشداربوو نەك لە ناو فیدایەکان بگرە لە بەشداربوەکان بە ئەوەی لە یادی 54 ساڵەی داستانەکەدا لە ساڵی داهاتوو مەدالیای ئازایەتی پێ ببەخشرێت, راستییەکەش ئەوەیە لە کاتێك دوای سۆڤیەتێکە پەشمەرگەکانی پارتی دژە هەندرێن بە ئەوەی شوێنی شیوعییەکان بگرنەوە, وەڵە کە هەرش دەست پێ دەکات جارێکی دی دەکشێنەوە چیایەکە دەدرێتەوە بە پەشمەرگەکانی حیزبی

شیوعی بە ئاوەی پارێزگاری لێبکەن.
دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنە لە رێگای جیهازکەی ئەبو شاخەوانی کوڕە کریستانی بەشداربوی داستانکەوە , پێویندی لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراقی دەست پێدەکات تا دەگاتە بڕیارنامەی 30 حوزەیران کە دانان بە لامەرکەزیەتی کوردستانی لە هاتە ئاراوە.

بە پەراوێز خستنی لایەنەکان و خواردنی بڕشی یەکتر لە جوڵانەوەی چەکداری کوردستاندا باو بووە تا هەنووکە بە تایبەت لە لایەن پارتی و یەکێتیەوە, دەیان جار خەیان کردووە بە خاوەند چالاکی وا کە بە رەکەوت چەند کەسێکیان تێیدا پشکدار بوونە, ئەوان نەك تەنها سەروەت و سامانی کوردستان بگرە سەروەری و دەستکەوتکانی خەڵکی کوردستانیش بە مووکی خەیان دەزانن و تەزویری مەژوو دەکەن, بڕیارنامەکەی بارزانیش لە یادی 53 ساڵەی داستانی هەندرێندا دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە, راستە مەژوو براوەکان و دەسەڵاتداران دەینووسنەوە , وەلە قەناغی تەسحیحاتی مەژوو دەستی پێکردووە, مەژوو لە حەکایەت و تەسریحاتەوە بووە بە زانست و گەڕانەوەی راستیەکان, پشکنین و بەگەڕان بە دوای راستیەکان و وتەی ئەکتەرە ئەکتیڤەکانی روداوەکان.
ئەوە ئەگەر هەندرێن لەو شەڕە قارەمانانەیە ئازاد نەکرایاتەوە, هەتا هەتایە دەکرایە پەیکەری رەش بەناو چەوانی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیەوە, ئیتر وابووە سەرکەوتن فرە بابەو شکستیش هەتیو.لە کاتێکدا حیزبی شیوعی لە نێوان 1946 بە 1961 بە ماوەی 15 ساڵ هەزی یەکەمی کوردستان بووە, ئەمڕۆ لەسەر ئەو مەژووە دەژیت, دەبوایە وەڵامی بە هەموو ئەوانە هەبێت کە دەیانەوێت مەژووەکەی زەوت بکەن و بیشوێنن, ژیانی ئەمڕۆی لەسەر مەژوو بێت, داکۆکیکردن لەو مەژووش مانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە, خەریکە سەرکەوتنکان و داستانکان و مەژووش وەك گواستنەوەی شەهیدکان سەنگەر بگوازنەوە.

بە سەڵماندنی بۆچونکانم ئەم دوو دیدارە ببینن:ئەبو شاخەوان تەکۆشەرێکی کریستان
https://www.youtube.com/watch?v=I5xO52J3Wgs:

عەبدوڵا تەفیق ناسراو پاڵەوانی هەندرێن

https://www.youtube.com/watch?v=MqHP56xeRqg:
بە بینینی هەمووو بەرنامەکان
https://www.youtube.com/channel/UCtvPDyYamHh_awOgEwc-m8g/videos:

چاوێك بە ئایینەكانی جیهاندا بگێڕن ... ئەحمەد شاملۆ

وەرگێڕانی لە فارسیەوە : سەردار عەبدوڵا حەمە

باوەڕ بوون وئیمانداری بە ئایینەكان و مەزهەبكان هەر لە بت پەرستیەوە دەست پێ بكەین تا ئایینی موسا و بۆدائی وئایینی زەردەشت ومەسیحی و چی وچی هەمیشە وەك سندوقێكی داخراو لە باوانەوە بۆ نەوەكان بە شێوەی میرات بەجێ ماوە و. گوازراوەتەوە بە باوەڕێكی نزیك لە هەاوە دەڕم ئەمە هەموومان كە لە ژێر ئەم سەقفەدا كۆبووینەتەوەوە ئەگەر مەزهەبمان هەبێت سەر بەمەزهەبێكین كە باوانمان بە ئەمەیان بەخشیوە. لێرەدا تەنها قسە لە سەر مەزهەبە نەك ئایین، ئایین سەرچاوەی یەكەم ئ وئەسڵیە. ئایین بە بەگەی جێراوجێر لە هەندێك كاتەكانی مێژوودا تووشی لێكترازان وپارچە پارچە بوون بووە مەزهەبی جێراوجێری لێ پەدا بووە بۆ خزمەتی سەربەخۆ كاریان كردووە . گوایا ئاینی ئیسلام حەفتاوچەند مەزهەب ولق وپۆپی لێ دروست بووە كە تا بە ئەمڕۆ بە سەدو چل دانە گەیشتووە هەر مەزهەبەكەش بۆ خۆی كۆمەڵك زانای ئاینی وموفەسیری خۆی هەیە .
زانا ئاینی وموفسیرەكانی هەر مەزهەبێك پشتان وایە تەنها مەزهەبەكەی خۆیان ڕاستە وهەق بە ئەوە و ئایین ومەزهەبەكانی تر كافرن وهەڕەشی زۆریان هەیە. تا ئێرە قەیناكا چونكە ئەگەر باوەڕكی لەم جۆرەیان نەبێت دەبوو بچوونایە ئایینكی تریان بۆ خۆیان هەبژاردایە.

ئێستا با بۆ تاوێك مەزهەبەكانی جیهان وشەونا‌كێكیان لە سەر كافر بوونی یەكتر بخەینە لاوە با خۆمان لە دووڕەوە ولە دەرەوی ئەوان چاوپیاخشاندێك لە سەرەوەیان بكەین :
مەسیحی لەگەڵ(كاتۆلیك و پڕۆتستانت وئنجیلی وكواكر وگریگۆری وئەرتەدۆكس) هیچ ناڕێین چونكە ئەمانە بۆ جەنگی ناوخۆیی خۆیانە .
موسلمان لەگەڵ (سونەو شیعەوحەنەفی وحەنبەلی مەزهەبەكانی تری) هیچ ناڕێین
بودایی لەگەڵ (شینتۆ و كیفۆسیوسی ودائۆیی) هیچ ناڕێین هەموو

ئەمانە بە زەردەشتی ومیهری ومانوی وبتپەرست وخڕ پەرست وئاگر پەرست وشەیتان پەرست وگا پەرست وجولەکە ….هەموو ئەمانە پێیان وایە مەزهەبەکەی خۆیان ڕاستەو لە سەرهەقە.

باشە ئەگەر بچین لە سەروەوە تێیان بڕوانین بۆ ئەمە پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش خۆ ناکرێ هەموو ئەمانە لە سەر هەق بن ئایا بەحوکمی عەقل دەکرێ یەکێ لەمانە لەسەر هەق بێت؟ مەبەستی من ئەوەیە یەك نموونە باس بکەم کە بۆ گفت وگۆ نیە .من لەو پلەوئاستەدا نیم کە حوکم بدەم ئەم مەزهەب ڕاستە ئەوی تر ڕەد بکەمەوە بەڵام من ئەتوانم ئەوە بڵێم کە بەپێی ئیدعای ڕابەری ئایینی بودائیك کە دەڵێت دینەکەی من لە سەر هەقە ئەتوانم بڵێم نەخێر ڕاست نیە هەرگیز چونکە بەیەگ بەگەی سادە پێی ئەڵێم تۆ دینەکەن بە میرات وەرگرتوە نەك بە لۆجیك وبە هەڵبژاردنی خۆت وئارەزووی خۆت بۆیە هیچ شتێکی پێ نیە بیسلمێنێ کە ئیدیعاکەی ڕاستە بودایی بوونەکەی بە میرات بۆ هاتووە بۆیە بەگەکەی لاوازە کە دەڵێت دینەکەی من ڕاستە ولە سەر هەقە، ئەگەر لە خێزانێکی بت پەرست لە دایك ئەبێت دیەنەکەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە ودەڵێت تەنها دینەکەی من ڕاستە ولە سەر هەقە . تەنانەت ئەگەر بۆ تاوێکیش قبولمان کرد دینی بودائی ڕاستە هێشتا قسەی ئەو پاپایە هیچ نیە..

مرۆڤی بەهەست تەنها ئەکرێ بە شتێك باوەڕ بێنێت کە لە ژیانیا بە تەجروبە پێی گەیشتبێ وهەستی پێ کردبێت ، لەگەڵ تەجروبەی باباتیانە ، زانست ، کردار ، بەراوردکاری ، فەلسەفی بە لەبەرچاو گرتنی کات وشۆێن .

وتارێك لە زانکۆی برکلی
ئەحمەد شاملێ

adabyate_Radical
وەرگێڕانی لە فارسیەوە : سەردار عەبدوڵا حەمە
١٢ ئایاری ٢٠١٩

نەبونی ئابوری سەربەخۆ، ژنانی سەرگەردان کردووە … ئامادەکردنی: شەماڵ رەئووف

سارا عەزیز ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 29 ساڵەیە، کە بەهۆی توندوتیژی مێردەکەیەوە بۆیاری جیابونەوەی لەمێردەکەی داوە، چونکە بەدرێژایی نۆ ساڵ ئازاری چەشت و سەرەنجام بۆیاری جیابونەوەیداوە. ئەم بۆیارە ئاسان نەبوو بۆ ئەو، بەڵکو خەزانەکەی و خزمەکانی دژی ئەو بۆیارە بوون، بەڵام بۆزاریی لەو ژیانە، لەبۆیاری جیابونەوە پەشیمانی نەکردەوە " مامم بە تۆهییەوە پێی دەوتم ئەگەر ژن باش بێت لای پیاوەکەی دەمێنێتەوە!" ئەم رستە بریندارکەرانەشی دەبیست، بەڵام ئەو لەسەرەتاوە پێشبینی ئەو گوشارو بارە نائاساییەی دەکرد ئەگەر بۆیاری جیابونەوە بدات، بەڵام خۆ چارەی دیکەی نەبوو.

سارا بەم شێوەیە باسی ژیانی دوای جیابونەوە دەکرد " منداڵەکانم لای خۆم بوون، نە کارم هەبوو نە شوێنی نیشتەجێبوون، لەماڵی باوکم دەژیام، لەبەرئەوەی بۆیاری جیابونەوەم دابوو، نەمدەتوانی داوای هاوکاری لە ماڵەوە بکەم." بەپێی قانون دوای جیابونەوە، بەخێوکردنی ژن و منداڵی جیابێوە دەکەوێتە ئەستۆی مێردەکە، بۆ سارا-ش بەشێك پارە لەلایەن دادگاوە بۆابێوەو دەبوو باوکی منداڵەکانی سارا بیدات." بەڵێ پێداویستیم بەو پارەیە دابین دەکرد، ئەگینا هیچ هاوکاریی یان سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتم نەبوو".
گەڵان بەدوای کاردا سارا دەکاتە گەیدەو رۆژانە بێ دەستکەوتنی کار شوێن نەدەما نەیکات .هەمیشە ژن-بوون دەبووە گرفتێکی گەورەی بەردەم کارکردن "زۆر کار هەبوو لای خەزانم و کەمەگا خوازراو نەبوو، هەروەك بێ هەندێ کاریش قبول نەدەکرام! نەبونی و دەردەسەری زۆرم دیت، بەڵام سەرەنجام کارم دەستکەوت و ئێستا بەو بڕە پارەیە دەژیم کە دەستمدەکەوێت" .
حکومەت هیچ رۆکارێکی نییە بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون یان دابینکردنی خانوو بۆ ئەوانەی لەمێردەکانیان جیادەبنەوەو خاوەنی منداڵن، ئەوەی هەیە، بۆ ئەو ژنانەیە یان بەساڵاچوانن یان روبەڕوی هەڕەشە دەبنەوە.

بەقسەی دەرون عومەر بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان ئەوان دوو جۆر ژن یان ئافرەت لەخۆ دەگرن و شوێنی مانەوەیان بۆ دابین دەکەن، بۆ ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لەسەروو 55 ساڵیدایەو شوێنی حەوانەوەیان نییە، دەیانخەنە خانەی بەساڵاچوان، هەروەها بۆ ئەو ژنانەشی کە تووندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت "جگە لەوانە هیچ شتێکی دیکە نییە بۆ ئەو ژنانەی کە لە مێردەکانیان جیادەبنەوە و بۆ شوێن و کارن" دەڵێت " لە ساڵی 2015 بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕی 150 هەزار دینار دەدرایە ئەو ژنانەی کە لە هاوسەرەکانیان جیادەبونەوە، بەڵام دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی ئەویش نەماو بڕیان".

بەپێی قانونی باری کەسێتی، ژن تەنها دەتوانی تا 3 ساڵ داوای شوێنی نیشتەجێبوون لە مێردەکەی بکات، ئەگەر مێردەکەی هەیبێت، لەوە زیاتر هیچ مافێکی دیکەی نییە، هەروەك لە یاسای باری کەسێتی هاتووە کە دەبێت ئەو ئافرەتانەی موچەیان نییەو بژێوی ژیانیان نییە حکومەت لە سندوقی هاوکاری، بژێوی ژیانیان بگرێتە ئەستۆ، تا ئەو کاتەی شو دەکاتەوە یان دەبنە خاوەن داهاتی خۆیان، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕگەیە جێبەجێنەکراوە.
سیروان سەرتیپ پارێزەری راوێژکار دەڵێت " نمونەی زۆر هەیە کە ژنان دوای جیابونەوە، نە کاریان هەیەو نە شوێنی نیشتەجێبوون، بەداخەوە هیچ چارەسەرێکیان نییە"
زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی کە لە مێردەکانیان جیا دەبنەوە توشی

حاڵەتێکی دەرونی خراپ و بارێکی ناهەموار دەبن، بەشێوەیەکی گشتیی کۆمەڵگا هاوکار نییە بۆ ئەوەی بتوانن دوای جیابونەوە ئاسایی بژین و ڕوبەڕوی تونج و باری دەرونی شەڕاو نەبن، یان بتوانن کارێکی شیاویان دەستکەوێت تا پێی بژین.

سیزار محمد توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت " گرفتی گەورەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا گرفتی نەبونی سەربەخۆیی ئابوورییە، ئەمە وادەکات ئافرەت زوڵم و ستەمی پیاو قبوڵبکات و جیا نەبێتەوە، خۆ ئەگەر جیا بێتەوە دیسان لە ماڵی باوکی ڕێگەی نادەن کار بکات، بەڵکو دەبێت ستەمی ئەوانیش قبوڵ بکات." بەقسەی ئەو توێژەرە ئەوانەی خاوەنی کارو داهاتی سەربەخۆی خۆیانن، زوڵم و ستەمی مێردەکانیان قبوڵ ناکەن، چونکە گرەنتییەك هەیە کە دەتوانن بژێوی ژیانی خۆیان یان منداڵەکانیان دابین بکەن، ئەگەر لەمێردەکانیشیان جیابێنەوە.



فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڵێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان، لەگەرمیان دەڵێت " ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمترین جار خاوەنی کار و موچەی خۆیەتی، زۆر جار لەماڵدا هاوسەرەکەی ژیاندویەتی، بۆیە کاتێك کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوە جگە لە کێشەی خێزانی تووشی کێشەی بژێویی و نیشتەجێبونیش دەبێتەوە "
حکومەت تەنها پاڵپشتی ئەو ئافرەتانە دەکات کەهەژاریان لەسەرە،

ئەوانی دیکە نە کار نە شوێنی نیشتەجێبونیان بێ دابین ناکات، بەقسەی فریاد هیدایەت زەرجار گرفتی گەورە دروستدەکات، بەتایبەت کاتێك ژنان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت " ناچارن بڕێنەوە ماڵی باوانیان، کەچی لەوێش دیسان دەست دەنرێت بە رویانەوەو ناچار دەکرێن بگەڕێتەوە لای پیاوەکانیان! بێیە هەندێك جار لەبەرئەوەی هیچ چارەیەیکی دیکەیان نامێنێت و لەتاو زوڵم و ستەم خۆیان دەکوژن".

کاتێك لە ساڵی 2011دا یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی دەرچوو لە بەندێکی یاساکەدا هاتووە کە ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە تەڵی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، بەپێی بڕیارەکە دەبوو سندوقێك لە وەزارەتی کارو کاربوباری کۆمەڵایەتی دروستبکرایە، لەو سندوقە هاوکاری ئەو ئافرەتانە بکرایە، بەڵام ئەو بڕیارە وەك پێویست جێبەجێنەکرا.

بەهار عەلی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (ئێمە) بێ گەشەپێدانی مرۆیی دەڵێت " ئەو بڕە پارەیە کە لە رابردوو ئەو ئافرەتانە وەریان دەگرت زۆر کەم بوو، بەڵام ئەویش نەما، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە حکومەت تەواوی ژیانی ئەوان دەستەبەر بکات، هەم نیشتەجێبوون هەمیش

بژێوی ژیانیشیان بۆ دابین بکات"
بەقسەی ئەو چالاکوانە، پێویستیان بە هەماهەنگی هەیە کە هەموو بەیەکەوە کار لەسەر چەند لایەنێك بکەن " یەکەمیان دابینکردنی مافی ژیان بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵی خۆیان یان لە ماڵی مردەکانیان جیا دەبنەوە، هەروەها ئەرکی ئەمەی ڕکخراوەکانی کەمەگەی مەدەنییە فشار بخەینە سەر ڕکخراوە نوودەوەتییەکان تاوەکو پاڵپشتی پرۆژەی تایبەت بە کێشە کەمەایەتیەکانی ناوخۆ دابین بکەن و بەیەکەوە کار لەسەر ئەو بابەتانە بکەین" هەروەك " گرنگە ڕکخراوەکانی کەمەی مەدەنی و پەرلەمانیش بەدواداچوون بۆ ئەو یاسایانە بکەن کە لەوبارەیەوە دەرکراوە، تا بزانن تا چەند جێبەجێکراوە یان جێبەجێدەکرێت".

ڕۆژنامەنوس دوای بێشداریکردنی لە خولێکی ڕێخراوی (Internews) لەسەر شێوازی نوسینی ڕاپۆرتی هەستیاری جێندەری، ئەم چیرۆکەی لەسەر پرسی نەبونی ئابوری سەربەخۆ ی ژن نوسیوە.

لوت بەرزی و بێ مەشکی جەنگی سیبەمی جیهانی هەڕەگرسێنی ... ئەحمەد رەجەب

دەمێکە بارگرژی و پەشێوی لە نێوان ئەمریکا و ئێران هەیەو هەردوولا لە ڕووی ڕاگەیاندن بە گەرمی چوون بە گژی یەکترداو دریغیان نەکردووە لە ئاخافتنی بێ بنەماو هەڕەشەو گورەشە کردن و هەردوو وڵات بە لوت بەرزی و بێ مەشکی ئەیانەوێت ئاگر لە ناوچەکە هەڕگرسێنن.
بمانەوێ و نەمانەوێ عێراق و هەرێمی کوردستان ئەبنە گۆڕەپانی شەرو، هەردوو وڵات لە ناو خاکی عێراق و کوردستان خاوەنی پێگەو پایەو دەسەڵاتێکی زۆرن لە ڕووی سیاسی و ئابوری و، لەم ڕۆژانەشدا سەربازو کەرەستەی جەنکی ئەگوێزنەوەو حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان بەرامبەر بە ئەمریکاو ئێران هیچیان پێ ناکرێ.
عێراق و کوردستان ئەبنە گۆڕەپانی سەرەکی شەری ئەمریکاو ئێران و،

پۆیستە بەرپرسان: سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆك وەزیرانی کوردستان وریاو هوشیارو بۆ لایەن بن و، پاپشتی هیچ لایەك نەکەن و، زۆرانی ئەم دوو وڵاتە ، زۆرانی دەسەڵات و بەرژەوەندییەو، لە هەڵگیرسانی شەر بە بڕشك گەڵانی ناوچەکە تووشی ماوڕانی و لەناوچوون ئەبن.
ئەمریکاو سەرۆك دۆناڵد ترامپی سەرکۆش و، بەرپرسە باڵاکانی پێنتاگۆن و ئاژانسی هەواڵگیری ناوەندی بریاریاندا بە ناردنی هێزی سەربازی زیاتر لە(120) هەزار سەربازو، ناردنی کەشتی فرۆکە هەڵگری << ئەبراهام لینکۆلن >>> و ، ناردنی فرۆکەی (B52) ی ستراتیژی و، کەشتییەکی گەورە (شارۆکی پزشکی مەدیرن ـ نەخۆشخانە) بە (1000) قەرەوێلە و دەرمانخانە ـ صیدلی ـ و، هەموو کەرەستەی تری پزشکی.
زۆر کەس پێوایە ناردنی هێزی گەورە لە لایەن ئەمریکاوەو، کۆکردنەوەیان لە نزیك سنورەکانی ئێران دەخەکە ئاڵۆزتر ئەکات و، تووندرەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر تووشی دەمارگیری و هەڵچوون ئەبن و، دووریش نییە ئەو کردارەی ئەمریکا ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگ و، هاوکات ترامپ ئەڵێت ئاگامان لە دەخەکەیەو، با بزانین ئێرانییەکان چۆن رەفتار ئەکەن و، ئەگەر کارێکی خراپ بکەن، ئەوکات ئەزانن چی بە سەریان ئەهێنین و، لەم بارەیەوە بەرپرسێکی ئەمریکا وتی : ئەوەی ئێمە کردوومانە تەنها بۆ بەرگرییە لە خۆمان و هێزەکانمان لە ناوچەکەداو، ئێران وڵاتێکی سەرەکییە بۆ تۆندوتیژی و پاراستنی تیرۆریستان و، بۆیە ئەمانەوێت کاربەدەستان و بەرپرسە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران واز لە رەفتاری چەوت وتەشیاو بهێنن و، بە قسەمان بکەن و، ئەوەش لە بەرژەوەندی خۆیانەو، لە کۆتایی ئاخافتنی بەرپرسەکەی ئەمریکا وتی: ئەمانەوێت رژێمی ئێران بگۆرین.
ئێران پشت بەمانە ئەبەستی: سوپا و بەتایبەت سوپای پاسداران وبەسیج لە ئێران و، حوسییەکانی یەمەن و، حەشدی شەعبی لە عێراق و حزبوللا لە لوبنان و، حەماس لە فەلەستین و، ئەمانەش ئەبنە هۆی گرژی و ئاڵۆزی زیاترو، گۆڕەپانی شەرەکە فراوانتر ئەکات و، ئەمریکاش هاوکاری هەیەو بریتین لە : عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی عەرەبی و ئوردن و، ئیسرایل و، تا ئێستا وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەت وڵاتانی ناتۆو یەکێتی ئەوروپا بڕەنگن و هەڵوێستیان دیار نییە.
هەرچەندە ئەمریکا خۆ بۆ شەر ئامادە کردووەو، هێزکی گەورەی هێناوە کە بریتییە لە کەشتی فرۆکە هەڵگرو، فرۆکەی (B 52) ی وڕانکەرو کەشتی نەخۆشخانە و کەرەستەی جەنگی تر، سور ئەزانی

ئێران مەیلی لێدانی پێگەی ئەمریکای نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، گەر ئەو کارە بکات واتە ئەیەوێت خۆی بکوژێت، بەڵام ئێران هەوڵ ئەدات ئیسرایل بێزار بکات و رایبکێشێت بۆ کاری توندوتیژی دژ بە دراوسێکانی و، هەروا ئەمریکاش نایەوێت شەر هەڵگیرسێنێت ، بەڵام کەش و هەوایەکی ترسناك دروست ئەکات و، شەڕکی دەرونی بەرێوە ئەبات بۆ ئەوەی رووداوەکان لە چوارچیوەی کەنترۆڵ دەربچێت و، ڕۆژانی داهاتوو نهێنی زیاتر دەرئەکەوێت و، دەمێکە ئەمریکا بە تەمای گۆرینی نەخشەی وڵاتانە و ، هەروا دابەشکردنیان و، چەندین وڵاتی تازە بێنێتەدی و، بە چاوەڕوان بین بزانین بەشی کورد چی ئەبێت !.
ئەمریکا بە هەڵگیرساندنی شەر تووشی گێچەڵی جێراوجێری سەخت ئەبێتەوەو، ترسی زۆری لە روسیاو چین و کۆریای باکور هەیە بێنە ناو ئەم شەرەو، بەو هەنگاوەش شەری جیهانی سییەم بەرپا ئەبێت و، دەیان ملیۆن سەربازو خەڵکی سڤیلی بێتاوان ئەکوژرێن.
نەفرەت لە لوتبەرزی وبەمەشکی و، نەفرەت لە جەنگ و، نەفرەت لە بیروباوەڕی وشك و دوگماو، نەفرەت لە ئیمپریالیزم.

16/5/2019

ستراتێژیك بۆ سەمەرقەند ... مەعین بەسیسۆ

و : نەژاد عزیز سورمێ

(لە کاتێکدا تەیموری لەنگ دوور لە شاری سەمەرقەند ، خەریکی یەکێك لە شەڕەکانی دەبێ ، خانمی ژنی هەموو ئەندازیارانی سەمەرقەند کە دەکاتەوە داوایان لێ دەکا پەرستگەیەکی مەزنی بۆ دروست بکەن ، پێشوازی تەیموری پێ بکا ، بەڵام بە مەرجێك پەرستگەکە لە چەند ڕۆژێکدا تەواو ببێ .
ڕاستیی هیچ ئەندازیارێك نەیوێرا خۆی لەم پرۆژەیە بدا ، ئەندازیارێکی گەنج نەبێ ، ئەویش لەبەرابەر ئەوەی خانمی ژنی تەیموور لەنگ ماچێکی بداتێ ..

لەگەڵ ئەوەی خانم تەماحێکی زۆری خستە پێش ئەندازیارە لاوەکە بۆ سوود بوو.. ئەندازیار هەموو زۆر و گەوهەری هێت کردەوە و بە ماچەکەوە نووسا ..
ئاکام خانم دەستی خستە سەر ووەمەتی و ڕازی بوو بەوەی ئەندازیار بەسەر دەستی لەرزۆکییەوە ماچی بکا ..
بەم جۆرە پەرستگە دروست بوو .
کە تەیموورلەنگ گەیشتە ، پێی زانی ، ویستی سزای ئەندازیارە گەنجەکە بدا ، بەڵام سوودی نەبوو ، ئێستایشی لەگەڵدا بۆ ون بوو و دەسگیر نەکرا .)

خانمەکەم
نە لەشکرشکێنم ، نە خاوەنی دەربار
بەڵام پێم دەکرێ ئەوەت بدەمێ
شیر و خەنجەر و
هەموو تەخت و تاراجی زەوی نەیاندابێ

چەند ئاسانە ئەم جیهانە بە لەپی دەست سەربڕێ
چەند ئاستەمیشە لە لێوی ئێمەوە لەدایك بێ ..
چەند ئاستەمە قەپڵکی هێلکە بشکێ و
چڵەکەیێ لە شەقەی باڵی بدا
یا دارگوێ لە ژێر لێفەی تەیموور بڕوێ ..

خانمەکەم ، جیهان منداڵێکە لە ئێمەدا
وەختێ یەکدیمان خۆش دەوێ ، گەورە دەبێ
دەبێ بە دێ خانمەکەم !
وەختێ شمشێر جێگەی دێ دەگرێتەوە ،
خۆشەویستیش دەمرێ .

پاسەوانەکانت لە ژێر شوورەکاندان
بانیژەکەشت دوور
بەڵام من خوێنبەرەکانم دەکەم بە پەت
عاشق دەستی بە خرێشەا دەگا
ئەوەیە موئجیزەی خۆشەویستی خانمەکەم !
گۆچانەکەی نەشوەشێنێ دەبێ بە مار
ستەی دەسرکان ،
ستەی دەسرکان لە دەمییەوە دەرناکا
(هابیل) لە تەرمی (قابیل)
نایێنێتە دەرێ

خانمەکەم
جادووگەر هەرگیز
نابێتە عاشق .

لەوە جوانتر عاشقی ژنی قەیسەر بی و
ناپاکی لە قەیسەر بکەی ..
چی لەوە جوانترە ،
بەینی هەر دوو چاوی قەیسەر
بدرێتە بەر باڵی بولبول ..

- بمدەرە بەر گوێ
  بمدەرە بەر خەنجەر
- خانمەکەم
  تەیموور ئەوەتا لەبەر دەروازەی سەمەرقەند
  تەیموور خودواوەندە
  فریشتە و شەیتانەکان
  داروودەستە و سەربازەکانییەتی
- چی بکەم ؟
  ئەدی قەیسەری گەورەم ؟
- بەڵام من لە پێناوی تۆدا
  خیانەت لە قەیسەریش دەکەم
  هێشووی بروسك ، کەزیی قژت
  تریفەی بروسکەی لە لێوەکانتا هەبوو
  هەموو مۆم و ئەستێرەی شەو
  هەموو ژوناهی خۆر دێنێ ..
- ماچم کە !
  بەسەر لەپی لەرزێکی بە گێناوە نووساومدا
  ماچم کە !
  بە ناوی سەمەرقەندەوە
  ماچم کە !
- خانمەکەم ماچەکانت مەرگە
  ژەنگی ڤێدگا ، ژەنگی ئاوە ..
  وەڵێ شاعیر خانمەکەم
  لە ژووارێکی ژەواندا لەدایك نابێ
  بەکو لە بروسکەیەك
  هەڵدەدڕێ و دەمرێ .
  قەدەری شاعیر ئەوەیە خانمەکەم

مەدالیای قەیسەر ەت دەکاتەوە
نانی قەیسەر ەت دەکاتەوە
شەرابی قەیسەر ەت دەکاتەوە و
بە خەیاڵی مەستیی ،
لە چ بروسك تدەتەقنێ
بروسك دەیکوژێ و
بروسك زیندووی دەکاتەوە .

خانمەکەم
ئەگەر ماچەکانت گەردوونك و
شارستانیەتك بنیات بنێن ،
داخۆ چەند گەردوون
لە ژێر لفە و سەرجێیت لە دایك دەبن ؟

ڕۆژگارێ دێ
ماچ تا مردن ناو دەنرێ
جووبالنگانی عاشقان
پیاڵەی مەی و
بەیتی شیعر ناو دەنرێن ..
ڕۆژگارێ دێ
سەری پاساریان دەبڕێ و
بە شووڕە شڕ دەکرێنەوە ..
بەڵام ئەوە تەیموورە
بەردێکە لە زەویا ناوە
خانمەکەم
بەرد چەندی ەگ و دەماری لێ بوون
نابێ بە درەخت
شەو هەر چەندی برسی بێ
ئەستێرە و مانگی خۆی ناخوا
چۆلەکەی سەمەرقەندیش
بە بن نینۆکی تەیموور دا
دانەوێە هەناگرن ..

چی بە ئەژدیهاوە ماوە خانمەکەم
لە چنۆکی شکاوی و
پاشماوەی ئەفسانان بەدەر
چی پێ ماوە ؟

چ هیلاکه ئەو دونیایەی
سیما و ڕووی چڵەکەی هەیە و
دڵی ئەژدیها ..
(چ هیلاکه .. خانمەکه ..)

- لە کۆشیعری – مەعین بەسیسۆ ، (القتلی و المقتلون و السکاری)
بڵاوکردنەوەی (دار العوده) – بەرووت 1970- (ل 64 – 70)
کراوە بە کوردی .

پەروەردەکردنی منداڵان بە متمانە بەخۆبوون ... رزا شوان

متمانە بەخۆبوون، گرنگترین کلیلی سەرکەوتنکان و گرنگترین سیمای کەسایەتییەکی دڕووون دروست و ڕەفتارە هاوسەنگ و هەزە لە ژیانی مرۆڤدا. ئەمەش بە خشتی بنەمای کەمەگایەکی بەختەوەر دادنرێت، کە تاک بەرەو سەرکەوتنی ئاکادیمی و زانستی و کەمەایەتی دەبات، بەرەو داهێنان و پێشکەوتن و گەشانکاری دەبات.

متمانە بەخۆبووون فاکتەرێکی گرنگە لە فاکتەرکانی کەسایەتی و ژیانی مرۆڤدا.
متمانە بەخۆبوون، نهێنی هەزی داهێنەر و دروستکەر و بەدیهێنانی هیوا و ئامانجکانی مرۆڤن، کە بە گەشاوەبوونکی زیاتر و بە پێشکەوتن کۆتایان دێت. متمانە بەخۆبوون هاوکاری پێشەوێی بە وەستان و کەنەدانی مرۆڤ لە ڕەووی ئامانجکانیدا. گەر داهێنەران و زاناکان و شەشگەران و سیاسەتمەداران و نووسەران و هونەرمەندان، بەوا و متمان بەخۆبوونیان نەبوایە، ناویان لە مێژوودا بە نەمری نەدمانەوە.

متمانە بەخۆبوون، بریتییە لە توانای مرۆڤ لە پشت بەستن بەو توانا و شارەزایی و ئەو بەهرانەی کە هەیەتی.. ئەم متمانە بەخۆبوونەش، لە کەسکەوە بە کەسکی تر جیاوازی هەیە. هەندە

کەس زەر متمانەیان بە خۆیان هەیە، کەسانێکی تر هەن، کە متمانە بەخۆبوونیان لاوازە. ئەمەش بە کەسایەتی ئەو کەسانە و بە ئەو بارودۆخانە و ئەو هەڵوێستانە دەگوترێت کە رووبەڕووبوونەوە و پەیاندا تێپەڕیون.. لە کاتێیدا دەگوترێتەوە، بە شێوازی دروستی یا نادروستی پەروەردەکردنیان لە منداڵیدا.

متمانە بەخۆبوون بڕبڕستێکی سەختە لە ڕێی سەرکەوتن و کامڕانی و داهاتوودا.
کەسێک کە گۆشبین بێت و متمانەی بە هێز و بە توانای دەروونی هەبێت، هەرگیز لە بڕامبەر کێشکاندا، کێنادات و سەری بۆیان نەوی ناکات.. ئەستەم و نابەش لە فەرهەنگی کەسانی بە توانا و متمانە بەخۆبووندا بوونیان نییە.
متمانە بەخۆبوونیش، کارێکی ئاسان نییە، کە لە شەو و ڕۆژێکدا بەدەستدێ.. کەسێکی بزیو و ورە ڕووخاو، پێویستیی بە هەوڵدانێکی زۆرە تا متمانەی بە بگەڕێتەوە.
کەسێکی لاواز و ڕەشبین و متمانە بەخۆنەبوو و بە تواناکانی خۆی، لە جیهانی ئەمڕدا جێی نابێتەوە.. بۆیە پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانمان بە متمانە بەخۆبوون و متمانە بە تواناکانی خۆیان پەروەردەیان بکەین، تا لە ئەمڕ و داهاتوودا، دەربڕن و ببنە کەسایەتیی بەهێز، پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن و سەرکەوتووبن لە ژیاندا.

زانایانی دەروونی و پەروەردەیی وا دەبینن، کە کلیلی کەسایەتیی دروست و ڕەگای دەنیایی بڕەو سەرکەوتن لە ژیانی ئاکادیمی و زانستیدا، لە متمانە بەخۆبوون و لە تواناکانی خود دایە. لە گەڵ لە تۆژینەوەکان و لە تێبینییەکانی زانایانی دەروونناسیدا، گرنگترین هۆکاری دابزینیی ئاستی خۆندنی قوتابیان بڕێ دەزانن، کە ئاستی چەمکی خۆدناسی و متمانە بە خۆبوون و بە تواناکانی خۆیان، لە پشتڕێی گەڵ لە کێشە دەروونی و ڕەوشتی و ڕەفتارییەکانی منداڵان و گەورەکانەوەن.

ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایە متمانە بەخۆبوون، سروشتییە و لە دایکبوونەوە بە ڕەمەکی لەگەڵ منداڵاندا هاتووە؟ یا دەگێڕێتەوە بە پەروەردەیەکی نادروست و سەقەتی ئەم منداڵانە لە لایەن دایکان و باوکانیانەوە، کە بەم ئەنجام و بەم ڕۆژیان گەیاندوون؟

زانایانی دڕوونناسی منداڵان، ئەو راستییانەن بە ساغکردووینەتەوە، کە منداڵان بە ڕەمەکی هەست بەوە دەکەن کە بەها و شکەداریان هەیە.. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان و پەروەردەییەکان، لە ماڵەوە بێت یا لە قوتابخانەدا بێت، گرنگیی ئەم هەستە بقۆزنەوە و گۆشەی پێ بدەن.. بە بەوا و متمانە بەخۆبوون و ڕێزگرتن لە خود پەروەردەیان بکەن.. هەمیشە پاڵپشت و هاندەریان بن، بە ئەوەی متمانە بە بەخۆیان بکەن و پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن. ئەمەش فاکتەرێکی ئەرێنیی بەهێزە بە ئەوەی کە منداڵان کاری باش ئەنجام بدەن و لە کاری ناپەسەند دووربکەونەوە.

تابەتمەندییەکانی منداڵی متمانە بەخۆ:
منداڵی متمانە بەخۆ، شانازی بە خۆی و بە کارە باشە ئەنجام دراوەکانی دەکات، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز، خۆشی و شادی لەسەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت، ڕەفتار جوانە و بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی تردا دەکات، بە متمانەشەوە بڕیار دەدات و بەوا و متمانەی بە تواناکانی خۆی هەیە، کەسێکی هیواخواز و گەشبینە. دەتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. بەرگەی شکستییەکانی دەگرێت و وەڵامی بەرزە و کەمتناقادات و توانای ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی هەیە و پەند و وانەشیان لێ وەردەگرێت. ئازایەتی ئەدەبیی هەیە و بە خۆیدا رادەبینێت و بە ئاسایی گوزارشت لە هەست و لە ناخی خۆی و لەو بیرکانە دەکات کە لە ئەندێشەی دان.. توانای کارتێکردنی لە کەسانی تر هەیە.

داهێنەر و نوێخواز و هیواخواز، شەرم ناکات و کەمتەماتیی و تێکەڵ بە خەڵکی دەبێت. ڕووحی گونجان و پێکەوە هەڵکردنی هەیە. سەرکەش و چاونەترس و دووڕو نییە.
لەم چەند خاڵەدا، بە کورتی باس لە چەند خەسڵەتێک لە خەسڵەتە دیاریکانی منداڵی متمانە بەخۆ و خانەی دەکەین:
١ـ شانازی بە کارە ئەنجام دراوەکانییەوە دەکات، بە نموونە، دەڵێ (بەوانێ ئەم وێنە جوانە.. ئەمە مەن کێشاوم و وا جوان بەیەم کردووە)
٢ـ خاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی، دەڵێ (بە یارمەتی بە تەنیا خەم ئەرکەکانم تەواوکرد)
٣ـ بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت، دەڵێ (ئەم کارە لە جیاتی تە دەکەم)

٤ـ بەرگی شکستی دەگرێت، دەڵێ (ئەم پرسیارە بیرکاریییە زۆر گرانە، بەڵام هەوڵدەدەم جەبەجێی بکەم)
٥ـ بە پەرشوڵە شارەزایی تازە وەردەگرێت، دەڵێ (مامۆستا کوردی پێی وتین بیانی فڕی بابەتە جۆراوجۆرەکانی فرمان دەبین)
٦ـ کارتێکردنی لەکۆسانی تر هەیە، دەڵێ (ڕەگەم بەدەڕ با فڕی ئەم یاریەت بکەم کە من فڕی بووم)
٧ـ تاوتێکردنی کۆسانی تریشی بە سەرەوەیە، دەڵێ (من چەژنەکی زۆر لە خوێندنەوەی هەنراوەکان و چیرۆکەکانی ـ لەتیف هەمەت ـ بە منداڵان وەردەگرم و بە دڵمن)
٨ـ دەتوانێت گوزارشت لە ڕەهەندێکی فراوانتر و لە هەڵچوونەکانی ناخی دەروونی بکات ، دەڵێ (بە گەڵانەوەی باوکم لە گشتەکانی هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم.. کە لە ماڵیش نەبێت شوێنەکەی دیارە و هەست بە خەمباری دەکەم)
٩ـ کراوەیە و کەمەڵایەتییە و ڕووحی پیاوەتی و یارمەتیدان و چاکەخوازیی تێدایە.

تایبەتمەندییەکانی منداڵی متمانە بەخۆنەبوو:
ئەو منداڵەی متمانەی بەخۆی نەبێت، واهەست دەکات کۆسانی تر بە هێندی نازانن و ڕەزی لێناگرن، هەڵکارەکانی شکستییەکان و هەڵەکانی دەخاتە ئەستۆی کۆسانێکی تر، شەرم دەکات و دەترسێت و گۆشەگیرە و کەمەڵایەتی نییە، ڕەشبین و بێزارە، وا هەست دەکات کە توانای ئەنجامدانی نییە.. هەمیشە دووددڵە و بە گومانە و خاوەنی بڕیار نییە.

ئەمانە هەندێکن لە خەسڵەتە نەرێنییەکانی منداڵی متمانە بەخۆنەبوو و خۆناس:
١ـ لەو هەڵوەستانەی خۆی بە دوور دەگرێت، کە دەبنە هۆی دەڵاوکێ بۆی، بە نموونە دەڵێ (ئەمڕۆ ناچم بۆ قوتابخانە، تاقیکردنەوەیەکی گرانمان هەیە)
٢ـ خۆی بە کەم دەزانێت و لە بایەخی تواناکانی خۆشی کەم دەکاتەوە، دەڵێ (وێنەکانی من جوانین و کەس سەیریان ناکات)
٣ـ وا هەست دەکات، کە کەس بە هێندی نازانێت و خۆشیان ناوێت، دەڵێ (هاوڕێکانم منیان خۆشناوێت، باوکیشم ڕقی لێمە)
٤ـ شکستییەکانی دەخاتە ئەستۆی کۆسانێکی تر، دەڵێ (لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچووم، چونکە مامۆستاکەمان بە باشی تێی نەگەیاندم)
٥ـ کارە دژوارەکانی بە کۆسانی تر دەبەستێت و پاکانە بۆ

خەی دەکات و پاساو دەهێنێتەوە، دەڵێ (هاوڕێکەم فەری ئەوەی کردم کە لە تاقیکردنەوەکاندا گزی بکەم)
٦ـ بە ئاسانی دەشکێژێ و گومان دەخاتە سەر خەی (من ئەم تێپەڕم نەدەانددووە)
٧ـ بە لاوازی گوزارشت لە کاردانەوەکانی دەکات، دەڵێ (گرنگی بەوە نادەم گەر باوکم بگەڕێتەوە یا بەوات)
٨ـ هەست بەبە توانایی و بە دەستەاتیی خەئ دەکات، دەڵێ (من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە)
٩ـ گۆشەگیرە و شەرم دەکات و کەمەایەتی نییە و تەکەڵە بە خەکی نابێت و ئازایەتیی ئەدەبیی نییە، ڕەشبینە و هیواخواز نییە، چونکە متمانەی بە خەی و بە تواناکانی نییە.

چۆن متمانە بەخەبووون لە منداڵەکانتاندا دەچێنن؟
زانایانی پەروەردە و دەروونناسیی منداڵان بە چاندنی متمانە بەخەبووون لە منداڵاندا، بە پەروەردەکردنییان بە شێوازێکی راست و دروست، کەمەک ڕێنمایی و ئامۆژگارییان دیاری کردوون، تا دایکان و باوکان و مامۆستاکان سوودیان لەوەربگرن و پێەوییان بکەن، یارمەتیی منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان دەدەن و دەبنە هاندەر بە ئەوەی کە بڕوا و متمانە بە خەیان بکەن و پشت بە تواناکانی خەیان ببەستن.. تا بشتوانن بەشێکی زەری گرفت و کێشەکانیان، خەیان چارەسەریان بکەن و سەرکەوتووبن لە ژیانیاندا.
بە کورتی تێشک دەخەینە سەر ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییە گرنگانە:

١ـ لەبەرچاوگرتنی چەمکی جیاوازی لە نێوان منداڵاندا: پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، لە راستیی جیاوازی تاک لە نێوان منداڵاندا بزانن و پشتگوێی نەخەن، کە هەر منداڵێک کەسایەتیی و توانای خەی هەیە.. بەیە نابێت منداڵەکانتان لەگەڵ منداڵانی تردا بەراورد بکەن، تاهەست بە خەبەکەمزانین نەکەن.. هەردەم هانیان بدەن کە ئاستی کار و ڕەفتارەکانی خەیان لە نێوان ئێستا و پێشتردا بەراورد بکەن.. تا جێوازیی رادەی پێشکەوتنی خەیان بزانن.
(د. سبوک) دەڵێت:"منداڵ رقی لەوە دەبێتەوە، لە هەمان ئاستدا لەگەڵ منداڵێکی تردا دابنرێت، چونکە بەراوردکردن دێخاتە ململانێیەکی پێ لە دەاوکی، زەریش هەستیاری دەکات"

٢ـ گۆ لە قسەکانی منداڵەکانتان بگرن: پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، بە جۆرێک تا کۆتایی گۆ لە قسەکانی منداڵەکانیان و قوتابیەکانیان بگرن و قسەکانیان پێ مەبڕن.. بواریان بدەنێ با بە ئۆپەڕەی ئازادیەوە گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن و ئۆوەی کە لە ئەندێشەیاندایە دەریان ببڕن.. دوایی بە هێمنی پێکەوە تاوتوێی قسەکانی بکەن. شێوازی فەرمان و نە و وانییەش لەگەڵیاندا بەکارمەهێنن، قسە جوانەکانیان بەرز بنرخێنن، هەڵەکانیشیان بە شێوازێکی جوان و قەناعەت پێکردن راستیان بکەنەوە.
٣ـ بەشداریکردنی منداڵەکانتان لە هەندێ لە بڕیارەکانتان: هەوڵبدەن لە منداڵەکانتان نزیک ببنەوە و هاوڕێتیان بە دەستبهێنن و پەیوندیتان بەهێزبێت. دەربارەی هەندێ لە کێشەکان و بڕیارەکانتان پرسیان پێبکەن و رایان وەربگرن.. تا هەست بەوە بکەن کە پشتگوێ و پاراوێز نەخراون و پێگە و سەنگی خۆیانیان لە نەو خێزانەکانیاندا هەیە. بەمەش متمانەیەکی زیاتریان بە خۆیان دەبێت.

٤ـ هەمیشە هانیان بدەن و ستایشیان بکەن: هاندان پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئۆوەی کە منداڵەکانتان درێژە بە کارەکانیان بدەن و هەوڵی داهێنان بدەن.. هەردەم پێیان بڵێن ئۆوە دەتوانن ئەم کارە یا ئەم کارانە ئەنجام بدەن.. ستایشی کارە جوانەکانیان بکەن و بە ڕووخۆشییەوە، ئافەرین ودەستخۆشییان لێبکەن.. پەخشیی خەتان بۆیان دەربڕن، تەنانەت گەر بە زەردەخەنەیەکی ناسکی سەر لەوەکانیشتان بێت.. بڕوام زیادەییەیش لە ستایش و پەهەدانیان مەکەن.. تا لە خۆیان بایی نەبن.
٥ـ بە ڕەخنە و وشەی ناشایستە منداڵەکانتان سووک مەکەن و مەیان ڕووخێنن: زۆر لە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بە ڕەخنەی نابەجێ و بە وشەی زەق و ناشیرین، هەستی منداڵەکانیان یا قوتابیەکانیان بریندار دەکەن، وەکوو: هەی گەمژە، ترسنۆک، بێ دەستەات، گەلحە، نالەبار، تەمەڵ، هیچوپووچ،...هتد. ئەم قسانە کارتێکردنێکی دەروونی خراپیان لەسەر منداڵان دەبێت و خۆی لەبەرچاو دەکەوێت، ئەو هەستەی لا دروست دەبێت، کە ئەم ئەو کەسە نییە کە لە خۆی تێگەیشتووە. ئەمەش هەکارێکە بۆ ئۆوەی کەسایەتییەکی لاواز و متمانە بەخۆنەبووی لەبەتە کایەوە. متمانەشی بە کەسانی دەوروبەریشی نامێنێت.. ئەو قسە ناخۆشانەشی لەبیرناچنەوە.. وەکوو دەڵێن: بریندی خەنجەر سارێژ دەبێت و نامێنێت، بەڵام بریندی قسەی ناخۆش سارێژ نابێت.

٦ـ نموونەیەکی باشبن بۆ منداڵەکانتان و قوتابیەکانتان: پەویستە ئەوەی دایکان و باوکان و مامۆستاکان، هەردەم لە ڕەفتار و لە هەڵسوکەوتکانتاندا، متمانە بەخۆ و ڕاستگۆبن لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتاندا، ببن بە نموونە و پێشڕەنگ بۆ منداڵەکانتان و بۆ قوتابیەکانتان.. منداڵەکانتان چۆن بۆوا و متمانە بە قسەکانتان بکەن، کە پێیان دەڵێن جگەرەکەشان زیانەکی زۆری بۆ تەندروستیی مرۆڤ هەیە.. کەچی لەبەر چاویاندا جگەرە دەکێشن.. منداڵەکانتان بۆ ڕاستان نازانن و چیتر بۆوا بە قسەکانتان ناکەن.

٧ـ هانی گەشەکردنی بەهرە و ئارەزووکانی منداڵەکانتان بدەن: پەداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن.. گەر بەهرەیان لە وێنەکێشاندا هەیە، بۆیە و پێداوی وێنەکێشان بخەنە بەردەستیان.. گەر هەگبری خوێندنەوەن، پەرتووک و گۆڤاری ئاسانیان بۆیان بکەن.
چونکە منداڵان گەر هانبدرێن، حەزی دەرخستنی بەهرە و توانا کانیان هەیە.
٨ـ خوێندنەوە هەکارێکی گرنگە بۆ متمانە بەخۆبوون: خوێندنەوەی ئاستی ڕوشنبیری و زانیاری و زانستیی منداڵان بەرز دەکاتەوە، لەوانەیە چیرۆکێکی بەسوود بخوێننەوە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکە منداڵێکی سەرکەشی متمانە بەخۆ بێت و سەرسامی ڕەخنەکەی ببن.
٩ـ بەری ئازادی لە منداڵەکانتان و لە قوتابیەکانتان مەگرن: لەوشت و بابەتانەی کە پەیوەندیان بە خۆیانەوە هەن.. سەرپشکیان بکەن با خۆیان بۆیار بدەن.. بە نموونە با خۆیان ڕەنگەکانی جلوبەرگەکانیان دیاری بکەن.
١٠ـ تووندوتیژ و ڕەق مەبن لەگەڵ منداڵەکانتان و قوتابیەکانتان: چونکە تووندوتیژی چاوسوورکردنەوە هەکارێکی سەرکییە بۆ لەناوبردنی متمانە بەخۆبوونی منداڵان و بۆ لاوازکردنی کەسایەتییان، هەردەم شێوازی نەرم و نیانی و هاندان و ڕێزگرتن باشتر و کاریگەرترن لە تووڕەیی و تووندوتیژی.
١١ـ زیادەڕەیی لە چاودێریکردنی منداڵەکانتان مەکەن: هەندە لە دایکان و باوکان زیاد لە پەویست دەترسن و لە ڕادەبەدەر بە دوای منداڵەکانیانەوەن.. لە نزیک و دوورەوە لێڕەر چاودێری و ئاگاداریان دان، ناتوانن بەبێ پرسی ئەوانیش هیچ بۆیارێک بدەن.

ئەمش هەکارەکی تری نەرێنییە بە لاوازبوونی متمانە بەخۆبوون و بە کەسایەتییان.
١٢ــ منداڵەکانتان فێری وەرزش و مۆسیقا بکەن: کە هەردووکیان دوو فاکتەری گرنگن لە چاندنی متمانە بەخۆبوون و ڕەزگرتن.. حەزیشیان لە چ یارییەکە بە ئاو یاریی بکەن، بە تایبەتیش یاریی بە کۆمەڵ.. هەشیانە توانا و ئارەزووی نواندنیان هەیە ڕێیان لە مەگرن با لە تیپی شانۆی قوتابخانەکانیاندا بە شداری بکەن.. هەموو ئەم یارییانە متمان بەخۆبوونەکی زیاتر بە منداڵانی بەهرەمەند و ئارەزوومەند دەبەخشن.
ناشبێت خەتان لێیان هەڵبقورتێنن، تا پێویست بەمە نەکات.
١٣ــ هانی منداڵەکانتان بدەن هاوڕێی دەسزی تازە بگرن: هاوڕێتی و پێوەندیکردنی منداڵەکانتان لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆیاندا، لە گەشەگیری و شەرم رزگاریان دەکەن و دەبنە منداڵانی کۆمەڵایەتی.. متمانەشیان بە خۆیان زیاتر دەبێت.

١٤ــ هەندێ ئەرک و بەرپرسیارێتی بە منداڵەکانتان و بە قوتابییەکانتان بسپێرن: پێویستە دایکان و باوکان لە ماڵەوە، هەندێ کاری ساکار و پرس بە منداڵەکانیان بسپێرن، وەکوو: ئاودانی ڕووەکەکانی باخچەکانتان یا ڕووەکەکانی ناو گوڵدانەکانتان، دانانی قاپ و پێرداخ و کەوچک و چەتاڵ لەسەر خوانی نانخواردنتان، سڕینەوەی سەر مێزەکانتان، هەڵگرتنی پیاڵە بە تاڵەکانتان،…هتد. لە قوتابخانەکانیشدا گەلی بوار هەن، کە مامۆستاکان دەتوانن چەندین بەرپرسیارێتی بە قوتابییەکانیان بسپێرن، وەکوو هەر ڕۆژی قوتابییەک بکەن بە چاودێری پاڵەکیان، بە کۆمەڵ دەرکردنی پەخشنامەی سەر دیوار، دانانی بەرنامەی گەشتی قوتابخانە. ڕازاندنەوەی قوتابخانەکانیان بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستانەوە، …هتد. هەموو ئەم کارانە، ئەو هەستە ئەرێنییە لە لای منداڵان دروست دەکەن، کە دایکان و باوکان و مامۆستاکانیان خۆشیان دەوێن و بە پێگەیان خۆیان هەیە و متمانەیان بە متمانە بوونیان و بە توانەکانیان هەیە.

١٥ــ وا مەکەن لە هەموو کار و بەیارەکدا منداڵەکانتان پشت بە ئەوە ببەستن: ئەو کارانەی کە لە توانایاندان کە بیان کەن، سەرپشکیان بکەن با خۆیان بیاربدەن.. بۆنام پرسکی ئەرێنییە،

گەر پرس بە ئەوەی دایکان و باوکان و مامۆستاکانیان بکەن و رای ئەوە بزانن و سوود لە تێبینی و ڕێنماییەکانتان وەربگرن.
١٦ـ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منداڵەکانتان و قوتابییەکانتان بدەنەوە: منداڵان بەوە ناسراون کە زۆر دەپرسن دەربارەی ئەو شتانەی لایان ڕوون نیین و نایانزانن، هێندە جار پرسیاری سەیریش دەکەن، کە بە لای هێندەکمانەوە بێ پرسیاری بە مانایان دەزانین.. بەڵام پێویستە بە ڕاستی و دروستی بە خۆدزینەوە یا پێچ و پەنادان، وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان بدەنەوە.. گەر نەمانزانین مەبەستیان لەوەربگرن تا دەیانزانن و وەڵامی ڕاستیان دەدەنەوە. پشتگوی خستنی پرسیارەکانیان متمانەیان پەمان نامێنێت.

١٧ـ فێریان بکەن کە ڕووبەڕووی شکستییەکانیان ببنەوە: تێیان بگەیەنن لە ژیاندا سەرکەوتن و شکستی هەیە.. بەڵام پێویستە بەسەر شکستییەکاندا زاڵبن و کەڵنەدەن،
لە ڕێی متمانە بەخۆبوون و تێکۆشاندا، شتێک نییە کە ناوی ئێستام بێت و نەیاتەدی.
دەتوانن ئەو جۆرە چیرۆکانەیان بە بخوێننەوە کە متمانە بەخۆبوونیان پێدەبەخشن.
١٨ـ خۆشەویستیی خۆتان بە منداڵەکانتان دەربڕن: زۆر گرنگە کە ڕووبەڕوو پێیان بڵێن ئەمە ئەوەمان زۆر خۆشدەوێت. باوەشیان لێبدەن و ماچیان بکەن و دەست بە سەریاندا بهێنن.. بە گوڵەکەم و دڵەکەم ناویان بەرن.. بەمەش متمانە بەخۆبوونەکی زیاتریان پێدەبەخشن.
١٩ـ لە منداڵەکانتان بگەڕێن با ئەخەی لە منداڵیی خۆیان بکەن: پێویستە ئەوە لەبیر نەکەن کە منداڵەکان منداڵن، بە چاوی گەورەکانەوە لێیان مەڕوانن.. جیهانی پاکی منداڵییان لە تێک مەدەن.. با یاری بکەن.. پێکەنن.. هەبەزنەوە.. ڕاکان.. زاق زورق بکەن.. هەموو ئەمانە لە خەستەتە سروشتی و ئاسایەکانی قەناغی منداڵین.. ئەوان خاوەنی جیهانی سەیر و سەمەرەی خۆیانن.. جیهانەکی وەنەوشەیی پڕ لە هیوا و لە خوونی شیرین لە نیازی پاک.. جیهانەکی پڕاوپڕ لە پاکی و لە جوانی و لە بە تاوانی.

دایکان و باوکانی دڵڕەقان، مامۆستا دڵسۆزەکان: ئەوە لە هەموو کەسێک زیاتر لە منداڵەکانتان و قوتابییەکانتانەوە

نزیکن .. لە هەموو کەسێک باشتر دەیان ناسن..هەر ئەوە دەتوانن باشترین شەوازی پەروەردەیی و باشترین رێگای سەرکەوتنی منداڵەکانتان دیاری بکەن.. ئەوە دەتوانن بڕوا و متمانە بخەنە بوونەکی زیاتریان پێ ببەخشن و زیاتر تواناکانیان و وریایان بەرز بکەنەوە.. پشکی گەورەی شانازی شایانی ئەوەیە.
گەلی کوردمان لە ئەمڕۆدا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بەوە هەیە کە نەوەیەکی پەروەردە دروستی متمانە بخەنە پێ بگەیەنین.. چونکە بە شان و بازووی منداڵانی ئەمڕۆمان داهاتوویەکی گەشتر و شایستەتر بۆ کورد و کوردستان دنیادەی.. ئەو داهاتووە خوازراوەش تەنها لە ڕێی چاندنی متمانە بخوبوون لە منداڵەکانی ئەمڕۆماندا دەتەدی.. چونکە متمانە بخەبوون گرنگترین بنەمای هەز و سەرکەوتنە.

لە (ناپلیۆن) یان پرسی، تۆ چۆن متمانە بخەبوون دەخەیتە دڵی سەربازەکانت و وریان بەرز دەکەیتەوە ؟ ناپلیۆن بەم شەوازە وەڵامی ئەو پرسیارەی دانەوە، وتی:

" ئەوەی وتی ناتوانم.. پێیم وت هەوە بدە. ئەوەی وتی نازانم.. پێیم وت فێربە. ئەوەی وتی ئەستەمە.. پێیم وت تاقیکەرەوە"
دایکان و باوکان و مامۆستاکان: بە ئەوەی کە بزانن کە هاندان و چاندنی متمانە بخەبوون لە منداڵاندا، لە لایەن ئەوەوەی دەسزەوە، چەند گرنگ و چارنووسازن، حەزم کرد بە کورتی چیرۆکی (تۆماس ئەدیسۆن و دایکیتان) بۆ بگەڕمەوە:
ئەدیسۆن منداڵ بوو، خرایە قوتابخانەی بنەڕەتی، تەنها پێنج مانگ بوو کە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا بووو.. قوتابییەکی هەمن بوو، بەڵام گەلێ بیرکەی بەرز لە ناخیدا بوون.. مامۆستاکانی و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی وا لێی تێگەیشتن کە منداڵێکی زۆر گەمژە و تەمەڵە پووچە.
ڕۆژێک بەڕێوەبەرەیی قوتابخانەکەیان، نامەیەکی دایە دەستی ئەدیسۆنی منداڵی پۆلی یەکەم.. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی پێی وت: "ئەم نامەیە بدە بە دەستی دایکت"
ئەدیسۆن نامەکەی بە دایکی دا، دایکی کە نامەکەی بینی زۆر دەتەنگ بوو چاوەکانی پڕبوون لە ئەسرین، بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵبوو و نیهەشت فرمێسکەکانی بچڕێنێوە.
بە دەنگێکی بەرزیش وا نامەکەی بە ئەدیسۆن خوێندەوە:

“کووکەت بلیمەتە و.. قوتابخانەکەمان بۆ ئاو و بۆ تواناکانی بچووکەکان، پێویستە لە ماڵەوە فێری بکرێت”
سالان تێپەڕی، دایکی ئەدیسۆن کچی دوایی کرد.. ئەدیسۆن بوو بە کەسێکی داهێنەر لە مێژووی ئادەمیزاد دا.. سەرجەم مرۆڤ قەرزاری داهێنەکانی ئەون.
ڕۆژێکیان ئەدیسۆن دوا بڕیاری شتەکانی دایکی دەگەڕا.. ئەو نامەیەی دەزیوە، کە ئەو نامەیە بوو، کە بەوە بڕیاری قوتابخانەکەی دایە دەستی و دای بە دەستی دایکی. بەڵام لە نامەکەدا، ئەوە نووسینە نەبوو کە دایکی بۆی خوێندەوە، بەڵکو لە نامەکەدا ئەم دێڕە نووسرابوو: ” کووکەت زۆر گەمژەیە.. لە بۆیانییەوە ناهێڵین پێی بۆ قوتابخانەکەماندا بکات”
ئەدیسۆن زۆر گریا.. دوایش لە تەنووسی (دەفتەری) بیرەوەرییەکانیدا نووسی:
” ئەدیسۆن منداڵێکی زۆر گەمژەیە.. بەوای دایکە نایابەکەیەوە بوو بە بلیمەت”
دایکان و باوکانی خۆشەویست، مامۆستا بەڕێزکان: پەند و وانە لەم چیرۆکەی ئەدیسۆن و دایکی وەربگرن.. جگەرگۆشەکانتان مەووخەنن و.. بە هێواخوازی و متمانە بەخۆبوون و گەشبینی پەروەردەیان بکەن و پێان بگەیەنن.

ڕەزا شوان
نەرویج : ١٤ی/ مای/ ٢٠١٩
(*) تێبینی: تا رادەیەک سوودم لە چەند سایتێکی عەرەبی وەرگرتوون.